# پێویستی و گرینگی بیری ڕۆشنگەرانە

کۆکردنەوە و وەرگێڕان : سەعید کاکی
(سەقز)

ڕۆشنگەری(١) ڕزگاربوونی مرۆڤ لە نەزانی «کاڵفامی(٢)» خۆکردە. کاڵفامی واتە داماوی و بێ دەسەڵاتی لەبەکارهێنانی تێگەیشتنی خۆت بەبێ ڕێنوێنی کەسێکی دیکەیە. نەزانی و کاڵفامی خۆکرد هۆکارەکەی نەک بەهۆی نەبوونی تێگەیشتن، بەڵکو بەهۆی نەبوونی ئیرادە و بوێری بۆ بەکارهێنانی تێگەیشتنی خۆت بەبێ ڕێنوێنی کەسێکی دیکەیە. «Sapere aude» بوێرە تێگەیشتنەکانی خۆت بەکاربهێنە، ئەمەیە دروشمی ڕۆشنگەری(٣)»

## ئمانۆیل کانت: گوتاری ڕۆشنگەری چییە(٤)؟

ئەگەرچی بیری ڕۆشنگەری لەلایەنی مێژووییەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی هەژدەم دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێ بیری ڕۆشنگەری بە کۆتایی گەیشتووە، بەڵام خۆ هەموو کۆمەڵگەیەک ئەم پرۆسەیەی نەبڕیوە ک ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو بووە، وڵاتانی ئێمە ئەزموونێکی لەو شێوەیان نەبووە. ئەم وتارە دەیەوێ دوو لایەن لێک بداتەوە. یەکەم مێژووی ڕۆشنگەری، دووەم ڕەهەند و لایەنەکانی بیری ڕۆشنگەری و هۆکارەکانی بیرنەکردنەوە.

## ڕەهەندی مێژوویی ڕۆشنگەری

زاراوەی ڕۆشنگەری فەڕەنسایی(٥) ناوونیشانێکی کاربەڕێکەر نییە لەلایەن مێژوونووسانی فەلسەفەوە داهێنرابێت. ئەو زانایانەی لەم بەشە و بەشەکانی دوایی باسی لەسەر دەکەین بەگشتی ئاگامەندبوون لەوەی کە پێوەندییان بە بزووتنەوەکەوە هەیە. ئەم کەسانە تاڕادەیەکی سەرنجڕاکێش سەرەڕای پێوەندییە جیاوازەکانیان لە لایەنی نەرێنی و ئەرێنییەوە ئەوەی لەم



**تۆفیق وەهبی**

بزووتنەوەیەدا دیاری نەکراوە هاوبەشە. لەلایەکی دیکە بۆ ڕەخنە، تەنانەت ئۆتۆریتەی سیاسی، بەتایبەتی ئۆتۆریتەی کڵێسا و لەلایەکی دیکە لەهەوڵدانە بوێرانە و پێکهێنەرەکانیان بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی مرۆڤ و جیهان و بەدیاریکراوی بۆ پێناسەی ڕۆڵی مرۆڤ لەکۆمەڵگەدایە، بەو شێوەی کە هەیە و پێویستە ببێت. هاوبەشی ڕوانگەی زانایانی ڕۆشنگەری لەزۆربەی بابەتەکانی (وەک سەرچاوەی ژیان، تیوریی ناسین، یاسای سروشتی، لێبوردەیی ئایینی و ئازادیی سیاسی) بەربڵاو بووە. لەم خاڵانەدا لە وردەکارییەکان پێکەوە ناکۆکن، زاراوەی فیلۆزۆف(٦)، بۆ ئاماژە بەم زانایانە بەکاردەهێنرا کەوا ڕوانگەی هاوبەشی لەم شێوەیان هەبووە. ڕاستییەکەی فیلۆزۆفەکان خۆیان وەک کۆڕی برایەتی لەقەڵەم دەدا و سەرقاڵی ململانێیەکی هاوبەش بوون. گرووپێک لە «هاوڕێیان» کە کردار و هیوایەکی هاوبەشیان هەبووە. زۆربەیان پێکەوە هاوڕێ بوون و بەردەوام پێکەوە دانیشتنیان هەبووە، بەتامەزرۆییەوە باوەڕەکانیان لەسەر میتافیزیک، ئاکار، سیاسەت و ئابووری ئاڵوگۆڕ دەکرد، قسەیان لەپاشخانی دەکرد، تەنانەت بەشێوەی جۆربەجۆر لەسەر بەرهەمەکانی یەکتری بەشداریان دەکرد. ئینسکلۆپیدیای هەڵەچنکراوی دێدرۆ و دالامبر(٧)، سەت و سی نووسەری تێدا بەشداربوون و لەپاڵ ئەمەدا، کۆمەڵێک بەرهەمی دیکەش هەبوون بەرهەمی چالاکی جەماوەری بووە و شەوقدانەوەی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەی گرووپی بووە، یان تەنانەت هاوشێوەی مێژووی هیندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ڕێناڵ(٨) ڕاستییەکەی لەکۆمەڵێک نووسەری جۆربەجۆر پێکهاتبوو. وتوویانە هەندێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕۆشنگەری فەرەنسایی لە کۆمەڵێک خەڵکی ئاسایی خاوەن توانست پێکهاتبوون، نەک زانای ڕەسەن، بێ گومان ئەم وتەیە گەورەکردنەوەی پێوەدیارە، بەڵام سەرنجی ئێمەی بەرەو ڕێگەیەک ڕاکێشا ئەم کەسایەتییانە کۆمەڵێک ئایدیایان هەڵبژارد و پەرەیان پێدا کە لەلایەن کەسانێکی تەریککەوتوو لەسەدەکانی ڕابوردوو باس کرابوون. ڕۆشنگەرانی فەرەنسایی جاروبار جەختیان لەسەر گرێدانی خۆیان بە کۆنەکانەوە کردووە، ئەمەش ڕێگەیەک بوو بۆ ڕەتدانەوەی نەریتی مەسیحی، سەرەڕای ئەوەی کە سوکرات بە پاڵەوانی خۆیان دەزانن، ئەگەری هەیە لەژێر کاریگەری ماتریالیزم و ئایدیای پەرەسەندووی لۆکرتیوس بووبێتن.

ڕۆشنگەری(٩) ئەڵمانی دیاردەیەکی تەریککەوتوو نەبوو، ڕۆشنگەری ئەڵمانی بە گۆڕانکارییەکانی وڵاتە ئەوروپی و ئەمریکییەکانی دیکەوە گرێدرابوو. ئەڵمانییەکان هاوشێوەی بیرمەندانی وڵاتەکانی دیکە، لایەنگری ئارمانجی نوێی زانایی بوون. بیرمەندانی ئەڵمانی لەبیری لێکدانەوەی ڕەخنەییانەی ئایدیاکان و دامەزراوە پەسەندکراوەکانی پێشوو لەڕوانگەی عەقڵەوە بوون، هەرچەندە ڕۆشنگەری ئەڵمانی وتەبێژی تایبەت بەخۆی هەبووە، بەبێ ئەوەی کاریگەرییەک کە لەدەرەوە وەریگرتبوو گەلێک جیاواز بووە. دوو وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیای گەورە، بەتایبەتی بۆ پێکهێنانی ڕۆشنگەری ئەڵمانی گرنگ بووە. جۆرێک لەستایش نەبێت، ئەوە بڵێین ڕۆشنگەری ئەڵمانی بەبێ کاریگەری ڕۆشنبیرانی بەریتانی نامسۆگەر بوو. ئەم بەشە پێوەندی بە کاریگەری فەیلەسووفەکانی بەریتانیا لەسەر ڕۆشنگەری ئەڵمانی هەیە. کەوتنە دوای ململانێی مێژووی دەسپێکی ڕاستەقینەی ڕۆشنگەری گەلێک سادەیە و هەندێک لەتوێژەران وتوویانە بنەماڵەی ئایدیاکان، کردارێکە ڕوونکەرەوەی ئەو شتەیە لەمڕۆدا بە «ڕۆشنگەری» ناودێر کراوە و لەنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەم بناغەی داناوە.

کـــۆمــــەڵێک توێژەری دیکە وتوویانە، ڕۆشنگەری لەبنەڕەتەوە دیاردەیەکی سەدەی هەژدەم بووە، تەنانەت بۆ ئەم بانگەشەیەی کە دەڵێ «ڕۆشنگەری» لەم سەردەمەدا دەیناسین، ڕاستییەکەی لەناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەم بوو گــەشــەی کــرد کــە کــۆمــەڵێک بەڵگەی باش لەبەردەستدایە. لەگەڵ ئەمەشدا ستایشی لەڕادەبەدەری گرنگی ئەم قـۆناغـە کـاریکی ئاسـان نییـە. لەناو ڕۆشنگەری و قــۆناغــەکــانی دوایی ئەو «بۆشــایی ڕاســتــەقــینە» بوونی نیــیــە، هەروەها ئەرنست کــاســیــرەر(١٠) ئامــاژەی پێ کــردووە، ئارمـانجی عـەقڵباوەڕی نوێ «بەشێوەیەکی بەردەوام و وەک یەک لەڕێگەی کۆمەڵێک پێشگریمانە گەشەی کردبوو کە لۆجیک و تیـوری ناسـینی سـەدەی حـەڤدەم، پێکی هێنابوو». ئەو شتەی کە ڕووی دا پێداگری بۆ گۆڕینی بووە نەک ئەوەی کــە دابڕانی بنەڕەتی بێت، ئەمــە لەکاتێکدایە فـەیلەسووفـەکانی سەدەی حـەڤدەم وەک دیکارت و لایبنیتز و سپینۆزا کەم تاکورتێک لەسەر ئەم باوە گەشبینانە بوون کە ڕاستییەکەی هەموو بەشەکانی زانست بۆ بنەمـایەکی عـەقڵانی دەگوازرێتـەوە، کەواتە دەکرێ هەموو بەشەکانی زانست بۆ ئاستی زانستێکی دڵنیا سەربخەین. زانایانی سەدەی هەژدەمی ڕۆشنگەری لەسەر ئەگەری جێبەجێ بوونی ئەم شتە ڕەشبینانەتر بوون. کاتێک لە بنەماکان بەرەو دیاردەکان و لەهەمەکی بەرەو هەندەکی هەنگاو دەنێن، باوەڕەکـان جۆربەجۆرن، بەڵام هیچ کـام لەم فـەیلەسـووفـانە واز لەمـەبەسـتی شــــیکردنەوەی عــــەقــــڵانی ناهێنن، بۆیە دەبێت چاوەڕوانییەکی قـورسمان بۆ دیاریکردنی ئەمە هەبێت، کێ پێوەندی بە ڕۆشنگەرییەوە هەیە و کێ نەیبووە؟ بەڵام بەم هۆیەوە دەبێت بڵێین ناکرێ لەم پۆلێنکردنانەدا لەمە زیاتر چاوەڕێی بکەین.

هەرچی بێ، دیاریکردنی سەرەتا و کۆتایی ڕۆشنگەری لە ئەڵمانیا، ئاسانتر لەدیاریکردنی لەوڵاتەکانی دیکەیە. سەرەتای ڕۆشنگەری لەئەڵمانیا بەڕوونی بۆ مشتومڕی نێوان لایەنگرانی کریستین تۆماسیۆس(١٦٥٥-١٧٢٨) و کــریســتــین دەگــەڕێتــەوە ڤــۆڵف (١٦٧٩-١٧٥٤) لەسـەرەتای دەسپـێکی سـەدەی هەژدەم لەزانکۆی هالێ. لایەنگرانی تۆمـاســیــۆس، لایەنگریــان لە پــیــتــیــزم «ئایینزای پاکی» دەکرد و دژ بە فەلسەفەی عەقڵباوەڕی ڤۆڵف بوون و لەکۆتاییدا توانیـان فۆڵف لەزانکۆ و پرۆس لە سـاڵی ١٧٢٤ دەربکەن. وتاری فـەرمی ڤـۆڵف لە زانکۆی هالی «سـەبارەت بە فـەلسـەفـەی کـردەکی و چینییەکان» لە ساڵی ١٧٢١ لووتکەی سەرهەڵدانی ئەم مشـتومڕانە بوون و ئەم وتارخوێندنانە خاڵی دەسپـێکی لێکۆڵینەوە لەسـەر مـێـژووی ڕۆشنگەری لە ئەڵمـانیـا لەقـەڵەم دراون. ڤـۆڵف لەم وتارخـوێندنەوانەدا وتبـووی بنەماکانی ئاکار لە وەحییەوە سەرچاوەیان نەگرتووە و ئاکاری چینی لەگەڵ ئاکاری مەسیحی جیـاوازییـەکی ئەوتۆی نییە، بەختەوەری پێویستی بنەڕەتی ئایین نییە و عەقڵ بۆ ئاکار تەواوە. لەدوای ساڵی ١٧٢٠ فەلسەفەی ڤۆڵف بوو بە هێـزی سەرەکی لەزانکۆکـانی ئەڵمـانیـا، کـاریگەری ئەم فـەلسـەفـەیە لەدوای نیـوەی ئەم سـەدەیە ڕووی لەکزی کرد. لەگەڵ ئەمەشدا کاتێک ڤۆڵف لەساڵی ١٧٥٤ کـۆچی دوایی کـرد، ئەم فـەلسـەفـەیە تەوەری سـەرەکی خـۆی لەکـیـس دا. سـاڵی ١٧٥٥ بەدواوە ئەڵمانییەکان زۆر زیاتر لەژێر کاریگەری هێزی دەرەکیدا بوون و ڕۆشنگەری ئەڵمـانیش هاوشێـوەی ڕۆشنگەری لەفەڕەنسا و بەریتانیا بوو، ئەم بابەتە تا دەیەی ١٧٩٠ درێژەی کـێشـا و بە یەکـەم سـەرکـەوتن و گـۆڕانکاری لەفەلسـەفەی کـانتی، ئەڵمـانییـەکان بۆ جارێکی دیکە ئاوڕیان لە ناوخـۆی خـۆیان دایەوە. ئەم گـۆڕانکارییـانە نیـشـانەی بە کـۆتاییـهـاتنی ڕۆشنگەری ئەڵمـانە، بۆیە پەسەند کراوە ئەگەر ڕۆشنگەری ئەڵمانی بۆ دوو قۆناغی جیــاواز دابەش بکەین، واتە ڕۆشنگەری یەکـەم، یان «قۆناغی ڤۆڵفی» لە ساڵی ١٧٣٠ تاکو ١٧٤٠ درێژەی کــێــشــا و ڕۆشنگەری دووەم، یان «فــەلســـەفــەی جەماوەری(١١)» یە، لەدەورووبەری سـاڵی (١٧٥٥ - ١٧٩٥) درێژەی کــێـــشـــاوە. «لەناوەڕاســـتی ئەم سەدەیەدا... توێژەرە ئەڵمانییەکان زیاتر و زیاتر خۆیان بەفێربوونی زمانی ئەڵمانی سەرقاڵ کرد، بەتایبەتی دەقە فەلسەفییە جوانەکانی فەڕەنسا و ئینگلیزی، ئەم بابەتە جگە لەوەی کە ئەوانی لەکەموکورتی زمانی ئەڵمـانی و کەمـوکـورتی زەوقی ئەڵمـانییـەکـان لە زانست و هونەرە جوانەکان هۆشیـار کردووە. بووە هۆی هاندانی زۆرترین حـەز و تامـەزۆربوون بە پەروەردە و پاڵاوتنی زانست و هونەرەکـان لەئەڵمـانیـا و هاندانی ئارەزووی کـێـبـڕکـێی لەگەڵ بیـانییـەکـان، لە هەمـوو ئەم دیاردانەدا بەدڵەوە نیشت و زەوقی توانسـتە باشـەکانی لەبەرانبەر فـێرگەی لایبنیـتــزی-ڤـۆڵفی لەئارەزوو خـست کـە بەر لەمـە

ئەڵمانییەکان لایەنگری بوون. وادیار بوو پۆلێنی سیستماتیکی پتەو کە لەلایەن لایەنگرانی ڤۆڵفەوە پەسەندکرابوو، لەبەرانبەر ئازادی داهێنەرانەی فەلسەفی کۆتوبەندی ساز کردبوو. لەگەڵ ئەمەشدا ئەڵمانییەکان لە کۆمەڵێک بەرهەم کە لەلایەن بیانییەکان نووسرابوو ڕوحێکی سیستماتیکی و گشتگرانەیان پەیدا کردبوو، تەنانەت لەکتێبی وانەی فەیلەسووفە بیانییەکان زیاتر لە کتێبەکانی خۆیان دەخوێنرایەوە».

کەواتە بنەمای ڕۆشنگەری لەسەدەی هەژدەم سکۆلارکردنی ژیانە و بەدرێژایی ڕێنیسانس لە هونەر، ئایین، سیاسەت و لە زانستی سروشتیدا پێکهاتبوو. ڕۆشنگەری لەئینگلیستانەوە دەستی پێ کرد و دواتر لە فەرەنسا ڕێگەی خۆی کردەوە و ئەڵمانییەکان لەژێر کاریگەری ئینگلیستان ڕۆشنگەرییان هاوردە ناو وڵاتەکەیان. لە دەستکەوتە گرنگەکانی ڕۆشنگەری، سەرخستنی عەقڵ بەسەر بیری ئۆستوورەیی و خورافاتی ناو کۆمەڵگە بوو و بەدامەزراوەیی کردنی سیستمی یاسا و دەوڵەت بوو و جیاکردنەوەی هەمووی ئەمانە لەئایین بوو. کاسیرەر لەو بیرمەندانە بوو بەچڕوپڕی لە کتێبی "فەلسەفەی ڕۆشنگەری" لێکیداوەتەوە ڕێسای بەڵگەهێنانەوە لە فەلسەفە بوو بە مودێلی بیرکردنەوەی زانستی و هەموو زانستێک هەوڵی دەدا میتودی نیوتەن لەچوارچێوەی زانستەکەی خۆی ڕەچاو بکات (کاسیرەر، ل، ٢٦- ٢٨). میتودی نیوتەنی ئەوە بوو لەیەکەم هەنگاودا فاکتەکان بدۆزینەوە و جێگیریان بکەین و دواتر لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیان هەوڵی بۆ بدەین، یاساکانیان دەستەبەر بکەین و لەو یاسایانە بنەمای لێ دەربێنین، کەواتە دوو یاسای گرنگ لێک جیاکرایەوە، یەکەم یاسای تێکەڵکردن، دووەم یاسای زانستی. یاسای تێکەڵکردن، لە گرفتە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی سەرەتایی و دواکەوتووە. یاسای تێکەڵکردن ئەوەیە، دوو شت بێ ئەوەی پێوەندییان پێکەوە بێت، ئاوێتەی یەکتر دەکرێت، ئەمەش سڕینەوەی یاسای ناکۆکییە. بۆ نموونە "نەبارینی باران پێوەندی بە گوناحی مرۆڤەکان هەیە"، یان قسە کردن و لێکدانەوەی هەموو شتێک بە بێ ئەوەی کەسەکە "زانیاری لەسەر بابەتەکە هەبێت." هۆکاری یاسای تێکەڵکردن دەگەڕێتەوە بۆ نەخوێندەواری و بیرنەکردنەوەی کۆمەڵگە. لەکۆمەڵگەی دواکەوتوو لێکدانەوەی بابەتەکان بەپێی ماددەی خەیاڵ، ڕابوردووپەرستی، خەیاڵی خاو و ئۆستوورەیە، واتە میتافیزیک جێگەی فیزیا و ماددە بگرێتەوە، بەڵام لە یاسای زانستیدا، بەپێی زانیاری بابەتەکان لێکدەدرێتەوە و شیکاری بۆ دەکرێت، کەواتە ئامانجی ڕۆشنگەری گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە بوو و جێگیرکردنی بیرکردنەوەی شیکاری - ڕەخنەیی لەباتی بیرکردنەوەی خەیاڵی - ئۆستوورەیی بوو، واتە بەسکۆلارکردنی بیرکردنەوە بوو، ئەمەش سکۆلارکردنی یاسا و سیاسەت و دەوڵەتی لێکەوتەوە، نموونەکانی لە فەلسەفەی جۆن لۆک و هۆبز بەڕوونی دیارە «بڕوانە لێڤیاتانی هۆبز».

## شێوازەکانی بیری ڕۆشنگەری

کانت لەنامیلکە بەناوبانگەکەی خۆی «لەوەڵامی پرسیاری ڕۆشنگەری چییە؟» ڕەهەندێکی گرنگی بیری ڕۆشنگەرانەی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە «تەمەڵی و ترسنۆکییە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری مرۆڤەکان، سەرەڕای ئەوەی کە سروشت دەمێکە ئەوانی بە کەمال گەیاندووە و لەڕێنوێنی کەسانی دیکە ڕزگاری کردوون، بەڵام بەحەز و ئارەزووی خۆیان هەموو تەمەنیان بە نەزانی و کاڵفامی دەمێننەوە و کەسانێک سەرهەڵدەدەن و بەئاسانی خۆیان دەکەن بەخاوەنیان»، بۆیە کانت سەبارەت بە کەسانی تەمەڵ و ترسنۆک و کاڵفام وتوویەتی؛ «تا ئەو کاتەی کتێبێک هەیە کەرەستەی بیرکردنەوەی منی تەیار کردووە و تا ئەو کاتەی قەشە و «مەلایەک» هەیە خەمخۆر و پەرۆشی منە و ویژدانی منە و تا ئەو کاتەی پزیشکێک هەیە دەڵێت چی بخۆم و چی نەخۆم و...تاد، ئیدی بۆچی خۆم بخەمە زەحمەت!». ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە، کێشەیەک بەناوی کۆیلایەتییە. کۆیلایەتی کۆمەڵێک ڕەهەندی جۆر بەجۆری هەیە، بەڵام ئەوەی لەم بابەتەدا گرنگە و پێوەندی بە بۆچوونەکەی کانت هەیە "هونەری بیرنەکردنەوە" و خۆ دزینەوە و ترس لەوەی کە بیر بکەیتەوە و ئەوەی هەتە لەکیسی بدەیت. زۆر کەس و بەتایبەتی تاکی کورد خۆ لەم بابەتە دەدزنەوە. بیرنەکردنەوە و تەمەڵی و هەندێک خووی وەک کتێب کۆکردنەوە، بەبێ خوێندنەوەی لاپەڕەیەک، مرۆڤ لە پرسیارکردن و هۆشیاربوونەوە دووردەخاتەوە و داخراوی عەقڵ و هۆش، مرۆڤ کۆیلە و گوێڕایەڵ دەکات و مێشک لەدۆخی سەرەتایی دەرباز

ناکات، کەواتە کۆمەڵگەیەک کە پەروەردەی مرۆیی مردبێت و خوێندن وەک کەرەستەیەک بۆ پارە پەیداکردن سەیر بکات، دەرەنجامەکەی ڕوونە و جگە لە مرۆڤی داخراو و مێشک کۆیلە شتێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە.

دیارە ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دوو کۆڵەکەی گرنگی کۆمەڵگەیە. کاتێک پەروەردە لەم دوو کۆڵەگەیە بێ بەری کرا، مرۆڤی دەستەمۆ و هەلپەرست و ترسنۆک وەک نەخۆشیی کولتووری لەناو کۆمەڵگە بلاوە دەکات. دوو شێوازی هەمووی بەهۆی بەکارنەهێنانی عەقڵە وا لەمرۆڤەکان دەکات زنجیری کۆیلایەتی لەمل بکەن و لەلایەنی دەروونییەوە ڕازی بن بەم کارە و لەنێوان ئازادی و سەربەستی و کۆیلایەتی، کۆیلایەتی هەڵدەبژێرن.«ئێتین دۆلابۆئسی، ل ٣٣» ڕەهەندێکی دیکەی ڕۆشنگەری بەکارهێنانی عەقڵ لەهەموو شتێکدایە. بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژییەوە زۆربەی ئەو شتانەی پێشتر لەلامان بەپێز و بەهادار و گرنگ بوون، باوی نەماوە، بەتایبەتی لەوڵاتانی پێشکەوتوو، عەقڵ لە هەموو بوارەکاندا گەشەی کردووە و مرۆڤ خۆی لەهەموو شوێنێک بەکارهێناوە و سەربەخۆ و بە میتودی زانستی لەلایەنەکانی زانست دەکۆڵێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی عەقڵ لەهەموو لایەنێک بەدڵی زۆر کەس نییە و دژایەتی کراوە. نەزانی و کاڵفامی خەڵکی جگە لە هۆکاری تاکەکەسی، هۆکاری سیاسیشی هەیە، سیستەمێکی سیاسی دواکەوتوو و ئاژاوەگێڕ تەنیا بەرژەوەندی خۆی بە گرنگ دەزانێت و بەدرێژایی دەسەڵاتەکەی خەڵکی دەستەمۆ و دواکەوتوو و گەندەڵ لەناو کۆمەڵگە پەروەردە دەکات، ئەمەش بۆ ماوەیەک لەبەرژەوەندی سیستەمی سیاسییە تا ئەو کاتەی بەرەو ڕووی تەنگژەی ڕەوایی دەبێتەوە، خودی مرۆڤە گەندەڵەکانی ناو سیستەمێک هۆکاری سەرەکی لەناوچوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و لەهەمووی مەترسیدارتر دەبێتە لەمپەر بۆ هۆشیاری و ئازادی ناو کۆمەڵگە. لایەنێکی دیکەی ڕۆشنگەری پێشینە مێژووییەکەیەتی. دیارە هەرکەسێک مرۆڤی سەردەمی خۆیەتی و لەو سەردەمەی تێدا دەژی، نەتوانێ کارێک بکات، ئەوە بۆ هەمیشە فەرامۆش دەکرێت، ئەمە یاسای مێژووە و نەجووڵانی کێشە و گرفت بۆ نەوەی دوای خۆی ساز دەکات و خاوەنی مێژوو نابێت و کێشەکانی لەسەر یەک کەڵەکە دەبێت و لەنەکاو هەرەس دەهێنێت، سا ئەو نەجووڵانەوەیە هەرچی بێت «سیاسی، ئابووری، کولتووری...تاد»، بۆیە گەورەترین کارەساتی کۆمەڵگەی دواکەوتوو ئەوەیە، خولیا و ئارەزووەکانی لەڕابوردوودا دەبینێتەوە و ئێستا و داهاتووی نەوەکانی دیکە دەکاتە قوربانی ڕابوردوو و لەنۆستالۆژیایەکی خاوی ڕابوردوو دەمێنێتەوە و عەقڵی گەشە ناکات و لەمنداڵی خۆیدا دەمێنێتەوە. لێرەدا مەبەستەکەی کانت ڕوونە و هەڵگری کۆمەڵێک تێبینی بەپێزە ئەویش ئەوەیە، تەمەنی عەقڵ پیری و گەنجی ناناسێت. زۆر کەس پیرە لەلایەنی تەمەنەوە، بەڵام لەلایەنی عەقڵییەوە هێشتا کاڵفامە ئەویش هۆکارەکەی لەوەدایە، مرۆڤی کۆمەڵگەی جیهانیی سێیەمەکان، لە دەرەوەی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەژین و بەردەوام کەلێنێک لەنێوان دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەیە کە تائێستا پڕ نەبووەتەوە، هەلپەرستەکان باش لەو کەلێنانە بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی کەڵک وەردەگرن.

لایەنێکی دیکەی ڕۆشنگەری ڕەخنە لەئایینە. ڕەخنە لەئایین بەواتای سڕینەوەی ئایین نییە، بەڵکو کەسانی ئایینی دەبێت لەباتی ئەوەی کە توخمی ترس و تۆقین و عەزابی ئیلاهی لەئاییندا پەرەپێ بدەن، پشت بە چەکی مەعریفە ببەستن و ئایین لە دەمارگرژی دوور بخەنەوە و پەرەپێدەری لایەنی وەک خۆشەویستی/هیوا/ ڕەواداری/ مرۆڤایەتی بن. ئایین لەهەموو کۆمەڵگەیەک سەرچاوەی پێش بڕیار و داوەری و خورافاتە. پێویستە لایەنی ئایدیۆلۆجیکی ئایین هەڵپەسێردرێت و چارەسەری کێشەی خەڵکی بێت نەک ئەوەی کە خۆی ببێت بە بەشێک لەکێشەکان. باوەڕی مرۆڤەکان جیاوازن، باوەڕی ئایین زۆر بەئاسانی خەڵکی دەکات بە چەندان بەرە و جیاوازی لەناو خەڵکی دادەنێت، ئایینیش کاتێک تێکەڵ بەسیاسەت دەبێت، ناوەڕۆکی ئایینی لەکیس دەدات، لە پەیامی سەرەکی خۆی دوور دەکەوێتەوە، بۆیە بەدرێژایی مێژوو، کاتێک ئایین جێگەی سیاسەتی گرتووەتەوە، کۆمەڵگەی تا سەر ئێسقان دواخستووە. هۆکارەکەش ئەوەیە، دەسەڵات بابەتێکی ماتریالی ئەم دنیایە و ئاکاری لەگەڵ ئاکاری ئایین لێک جیاوازن. بەربەرەکانێی ڕۆشنگەری لەگەڵ ئایین بۆ لایەنگری و پارێزگاری لەعەقڵ و زانست لەهەمبەر خورافات و باوەڕی هەڵەی کۆن بووە و بەردەوام کۆسپ و تەگەرەیان لەبەردەم زانست سازکردبوو. ڕووداوی گالیلە لە مێژوودا

یەکێک لە نموونەکانی پێکدادانی نێوان ئایین و زانست بوو. گالیلە بۆی دەرکەوت زەوی بەدەوری خۆر دەسووڕێتەوە، بەڵام ئایین لەبیرکردنەوەیەکی کۆنی بەپیرۆزکراوی ئەرستۆیی قەتیس مابوو، لای وابوو جیهان ناجووڵێت و هەموو شتێک بەدەوری زەوی دەسووڕێتەوە. ئایین لەهەموو کاروبارێکدا دەستی هەبوو، لەپزیشکی و فەلەکناسی تا دەگاتە کاروباری ناو خێزان، بەگشتی لایەنی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی لەژێر ڕکێفی ئایین بوو.

لایەنێکی دیکە کە ڕۆشنگەری دژی وەستاوەتەوە دۆگماتیزم بووە. دۆگماتیزم شێوازێک لە داخراوییە و بیرکردنەوەی تاک ڕەهەندییانەیە. دۆگماتیزم دەتوانێ ئایینی، سیاسی، زانستی و...تاد زۆر لایەن بگرێتەوە. کەسێک کە لای وابێ ڕاستەقینە لای ئەوە و ئەوەی دوای شتەکان هەڵەیە، شێوازی بیرکردنەوەکەی دۆگماتیکییە. بیری دۆگم دژ بە پرسیار و شیکردنەوەی کێشەکان دەوەستێتەوە. ئەوەی باوەڕی پێیەتی، مۆرکێکی وەهای لێ دەدا و ئامادە نییە بیروبۆچوونی بگۆڕێت و بیری نوێ بخوڵقێنێت، تەنانەت بیربکاتەوە و گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەکانی خۆی بێنێت. دیارە دەسکەوتەکانی بیری ڕۆشنگەری لەم چەند خاڵەدا کۆ دەبنەوە. ئایین دەگۆڕدرێت بۆ ئایینی عەقڵانی و دۆگماتیزمی ئایینی دەبێت بە ڕەخنەگرتن و جیهانی بەرزی ڕەب بۆ مرۆڤایەتی دەگۆڕدرێت و ئۆتۆریتەی ئایین دەبێت بە تێگەیشتنی تاکەکەسی و ئیمان دەبێت بە هەڵسەنگاندن و تەسلیم و کۆیلەی ئایینی بۆ بڕیاری سەربەخۆی عەقڵانی دەگۆڕدرێت و ژێردەستەیی دەبێت بە سەربەخۆیی و خۆشویستنی خەیاڵی ڕەب دەبێت بە خۆشویستنی مرۆڤەکان و جەبری کۆمەڵایەتی بۆ ئازادی تاکەکەسی و بەرپرسیاری ئاکاری و کۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێت.

## گرنگی بیری ڕۆشنگەرانە بۆ کۆمەڵگە

ئەوەی لەکۆتاییدا جێی سەرنجە و باشتر وایە تاکی کورد ڕەچاوی بکات، ناسینی کۆمەڵگەی خۆی بەدوور لە چەواشەکاری، ستایش، یان سڕینەوە و پێش بڕیار و خۆ دەربازکردن لە هەر چەشنە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی و دەمارگرژییە. لەباتی چەمکی پاراستنی "کولتوور و زمان" باشتر وایە باس لە پەرەپێدان و گەشەدان بە بواری مەعریفی لە زمان و کولتوورەکەی بکات، چونکە پاراستن جۆرێک کورتکردنەوە و بە موزەکردنی کولتوورە و زمان لەفۆرمدا گەشە دەکات، بەڵام ناوەرۆکی زمان، واتە مەعریفەی زمانیی پێش ناکەوێت، چونکە خوڵقاندنی کایەی مەعریفی لەناو گەمەی زمانییە، دەتوانێ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە دابنێت. پرسیار و لێکۆڵینەوە و شیکاری بوارە جۆربەجۆرەکانی مەعریفەیە شێوازێ بیرکردنەوە دەگۆڕێت. هەستی سادە و ساکار و ساویلکە و بەکارهێنانی زمانی خەیاڵی شاعیرانە لەمەعریفەدا جگە لەسڕینەوەی پرسیار و کێشە مەعریفییەکان، بڕواناکەم شتێکی ئەوتۆی بۆ تاکی کورد لێکەوتبێتەوە و تا ئێستاش نەیبووە، چونکە فۆرمی خەیاڵ پێش فۆرمی وێنای زمانی و گەمەی زمانی دەکەوێت و بیرکردنەوە بەرتەسک دەکاتەوە و زمان لەمەعریفە دادەبڕێت، هەروەها کە بیری سادە پێوەندی بە زمانی سادە و هەستی سادە هەیە و ئەویش پێوەندی بە ژیانی خاو و سادە و ئابووری سادە و سیاسەتی سادە و ساویلکانە هەیە.

بیرکردنەوەی خاو -- زمانی سادە و خاو -- هەستی خاو -- سیاسەت و ئابووری سادە و خاو... هەمووی ئەمانە لەهەردوو لاوە پێوەندییان پێکەوە هەیە، کەواتە مەعریفە و بیرکردنەوە لە بۆشایی و شەوی تاریکدا ساز نابێت، بەڵکو پێویستی بە کەشی کراوە هەیە. کەواتە بەکارهێنانی عەقڵانییەت لەهەموو بوارەکان و بە عەقڵانیکردنی ئایدیا و شێوازەکانی بیرکردنەوەیە، تاکی عاقڵ و ژیر پەروەردە دەکات. پێویست بەوە ناکات لەبیرێکی ژوورهەستی میتافیزیکی بمێنێتەوە، بەڵکو پێویستە شێوازی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەکان فێر بێت، چونکە کۆمەڵگەی کورد پێویستی بە مرۆڤی عاقڵ هەیە، تەنانەت پێویستی بە کەسایەتی ئایینی عاقڵ هەیە خۆی لەقەرەی کێشەکان بدات. جگە لەمە بێت مرۆڤی هەلپەرست بەدوور لە بەها مرۆییەکانی لێ دەکەوێتەوە و لە باتی ئەوەی کە خاوەنی کەسایەتی سەربەست بێت، مرۆڤی «داسمەن(١٢)» دەخوڵقێنێت. مەبەست مرۆڤێکە پەرشوبڵاوە و بەهەموو شتێکەوە دەلکێت و کەسایەتی نامێنێت و لەهەموو سات و ئانەکان بەپێی بەرژەوەندی سەرەتایی لەگەڵ هەموو شتێک خۆ دەگونجێنێت. سەیرتر ئەوەیە مرۆڤێک کەوا کەسایەتی نەمێنێ، ڕەوشتی نامێنێ هێندە کەسایەتی

دادەبەزێت و سووک دەبێت و لە کەسایەتی دەدرێت، دەبێتە تاکی مەترسیدار بۆ سەر هەموو بەها مرۆییەکان «هۆبز وتەنی مرۆڤ دەبێتە گورگی مرۆڤ». بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە پێویست بە بەکارهێنانی میتودی کۆمەڵناسی و فەلسەفی دوورودرێژ ناکات.

خوێندنەوەی کۆمەڵگەی کورد کە لەژینگەیەکی ئیسلامی دەژیت و سابجێکتیڤیتەیەکی هاوشێوەیان هەیە، باشتر وایە لەژێر ناوی «ئیلاهیاتی نەفی» شرۆڤە بکرێت، چونکە جیهاندیدی تاکی ئەم کۆمەڵگەیە بۆ هەموو کێشەکان لەدەلاقەی ئایینییەوە سەرچاوە دەگرێت. نموونەی مێژوویی بۆ ئەم بابەتە هێجگار زۆرن. نموونەیەکی مێژووی لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی مەسیحییەت و ئیلاهیاتی مەسیحییە کە لەسەر توخمی گوناحە پێکهات. گوناحی مرۆڤ بووە هۆی ئەوەی کە مەسیح بە خوێنی خۆی و چوارمێخە کێشانی خۆی، گوناحی مرۆڤەکان پاک بکاتەوە، بەڵام گوناحە و چوارمێخە«لەخاچدانی» مەسیح باجەکەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دایەوە، ئیلاهیاتی نەفی بۆ هەزار ساڵ ئەوروپای لەتاریکیدا نوقم کرد، بەڵام بەزەبری ئۆمانیزم، ڕۆشنگەری، زانست و پێشکەوتنی عەقڵانییەت بوو کە مەسیحییەت لەئیلاهیاتی نەفی و گوناح دابڕا و ئیمان تاکەکەسی کرا و لەهەناویدا پرۆتستانتیزم کەوتەوە و ئیمانی بەرەو پاکی و نییەتی دەروونی و ڕەوشت گەڕاندەوە و بەکردەوەش مرۆڤی بەرەو ئیشکردن و داهێنان هان دا، بەڵام ئیلاهیاتی نەفی لەوڵاتانی ئیسلامی داخستنی چاکسازی کۆمەڵایەتی بوو. ئەوەی مۆرکی ئازادی پێوە بوو ڕەت کرایەوە و گەڕانەوە بۆ بنیادی بە باشترین شێواز زانی، واتە ئیلاهیاتی نەفی بۆ بەرگری خۆی لەباتی چاکسازی بەکارهێنا و بە شێوازی جۆربەجۆری گرووپی تەکفیری و ئیمانداری دەمارگرژ لە دەرەنجامەکانی بووە. کۆمەڵگەیەک کە ئاکار و یاسا دەوری نەبێت، دەبێتە گورزێک بۆ لێدان و بێدەنگ کردنی خەڵکی و هەموو بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی دەبن بە هەلپەرست، ئەمەش ماڵئاوایی لە ئازادی تاکەکەسی و ئازادی کۆمەڵایەتی و هەرچەشنە پێشکەوتنێکە. دیارە تاکگەراییەک کە سەرهەڵ دەدا، پێوەندی بە ئاکار و بەرپرسیارێتی لەپێناو یەکتری نابێ، بەڵکو هەلپەرستی و بڕفێن بڕفێن و کەس لەکەسی دەبێتە ئاکار و ئاسۆیەک بۆ پێشکەوتن نامێنێ، تەنانەت لەلایەنی دەروونییەوە کێشەی مەترسیداری وەک نەبوونی متمانە ساز دەبێت. پلەوپێگەی مرۆڤەکان بەپێی توانست و لێهاتوویی کەسەکان نابێت، بەڵکو بەپێی نزیکایەتی لەدەسەڵات، یان بەکارهێنانی پیرۆزییەکان بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی دەبێت. ئەو نۆرمانەی کە لەکۆمەڵگەدا بە بێ لێکۆڵینەوە چەقیان بەستووە و پیرۆز کراون بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی بەکار دەهێنرێت و گەورەترین لەمپەر و ڕێگرییە بۆ بیرکردنەوە و عەقڵی ڕۆشنگەرانە و داخستنی عەقڵی ڕۆشنگەرانە بۆ تاهەتایە، بەڵام پشتبەستن بەم دروشمە بوو بە کۆڵەگەی ڕۆشنگەری و کۆمەڵگەی مۆدێرنی خوڵقاند، ئەویش ئەمەبوو " بوێرە بیر بکەوە".

**ژێدەری فارسی و کوردی:**

**١- ایمانوئیل کانت، مقالەی " پاسخی بە پرسش روشنگری چیست؟ با ترجمەهای سیروس اریان پوور و ترجمەی موسی اکرمی.**

**٢- ارنست کاسیرر، فلسفەی روشنگری، ترجمەی یدالله موقن.**

**٣- اتیین دولابوئسی، گفتار در بندگی خودخواستە، ترجمەی لاله قدکپور.**

**٤- تاریخ فلسفەی اسلام، حناالفاخوری، ترجمەی محمد ایتی.**

**٥- زوال جیهان اسلام، حامد عبدالصمد، ترجمەی ب. بی نیاز.**

**٦- مێژووی فەلسەفەی راتلیج، بەرگی٥ ، فەلسەفەی ئینگلیزی و سەردەمی ڕۆشنگەری ستوارت براون، وەرگێڕانی سەعید کاکی، دەزگای جەمال عیرفان.**

**پەراوێز:**

**1- Enlightenment**

**2- immaturity**

**٣- وتەی هۆراس (٥٦پ.ز - ٨ پ.ز) شاعیری ڕۆمی**

**4- An Answer to the question: What is Enlightenment**

**5- French Enlightenment**

**6- philosophes**

**7- the Encyclopédie, edited by Diderot andd?Alembert**

**8- Raynal?s Histoire des deux Indes**

**9- Enlightenment/Aufklarung**

**١٠- Ernst Cassirer فەیلەسووفی مەزنی نوێ کانتی بوو و لەلایەنگرانی ڕۆشنگەری بوو و کتێبێکی بەناوی "فەلسەفەی ڕۆشنگەری" نووسیوە.**

**11- popular philosophy**

**١٢- چەمکی داسەمن لەلایەن هایدگەر لە کتێبی (بوون و زەمەن) بەکارهێنراوە.**